ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

32

25 ی ئازار / مارس 2022

## تارمایی شۆڕش و راپەرین!



موحسن کەریم

دەسەڵاتی کوردایەتی کە لە حزبەکانی پارتی و یەکێتی و هاوبەشە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانیان پێکهاتووە، بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پەرلەمانەکەیەوە، رووبەرووی ریسوایی و نەفرەتی قوڵی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی نارازی کوردستان بوونەتەوە. دەمی هەر کەس دەکەیتەوە باسی راماڵین و روخاندنی ئەم حکومەت و دەسەڵاتە دەکات. کار بەوە گەیشتوە کە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی( کە بە ئۆپۆزیسۆنی پەرلەمانی) خۆی دەناسێنێ باسی مەترسی شۆڕش و راپەرینی خەڵک بکەن. بگرە کەسێکی وەکو لاهور جەنگی کە تا پێش دەسەڵات لێسەندنەوەی لەلایەن ئامۆزاکەیەوە، لە بەرزترین پۆستی دەسەڵاتی زۆنی سەوزدا بوو، داوا لە خەڵک دەکات دوو سێ مانگێک دان بەخۆدا بگرن و ئەگەر حکومەت خۆی چاک نەکرد ئەوا ئەو پێشیان دەکەوێ بۆ راپەرین دژی حکومەت! بێجگە لەو هێزانەی بۆرژوازی لەناوخۆی کوردستان، هێزێکی وەکو پەکەکەش هەوڵی ئەوە دەدات کە سوود لەم بارودۆخە سیاسیە وەربگرێ و بەناوی دژایەتی حکومەت و بەتایبەتی پارتی و بەرگری لە خەڵکی هەرێم، ئەو بۆشاییە پربکاتەوە کە هەرئێستا بەهۆی قەیرانی سیاسی و حکومەتی حزبە دەسەڵاتدارەکان و دەسەڵاتداریتی کوردایەتی پێکهاتوە و خۆی بکاتە دەمراستی خەڵکی نارازی زەحمەتکێشی کوردستانی عێراق.

بۆ لاپەرە 2

## بەدیهاتنی ئامانجەکانمان بەندە بە هاتنەمەیدانی یەکگرتوانە و سەراسەریمانەوە!

بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ...... لاپەرە ١١

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی حزب سەبارەت بە دواگۆڕانکاریەکانی بارودۆخی سیاسی کوردستان



بۆ لاپەرە 3

## نەوەی نوێ و هاورێیەتی ئیسلامی سیاسی...!



عوسمان حاجی مارف

ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی لە دەرگای پەرلەمانەوە دەخلیسکێتە ناو نارەزایەتیە جەماوەریەکانەوە، جگەلە مەرامێکی سیاسی کە بۆ پێداویستی پێگەی حزبەکەیەتی هیچ ئامانجێکی لە پەیوەند بە بەرژەوەندیەکانی جەماوەری نارازیەوە نیە. ئەمە واقعیەتی پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستانە کە زیاتر بۆتە مەیدانێک لە بازاڕی بازرگانی بە سیاسەتەوە، هەر بەو مانایەش پەرلەمان بۆتە گاڵتەجارو رسوایی بۆ ئەوانەی بەشدارن و نوێنەریان هەیە لەو پەرلەمانەدا،

بۆ لاپەرە 7

بریارنامە دەربارەی؛

## بزووتنەوەی کرێکاری و سەرخەتی ئەرکەکانی ئەم دەورەیەی حزب

پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزب........ لاپەرە ٩

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی... تارمایی شۆڕش و ڕاپەڕین!

هەموو ئەو هێزانەی بۆرژوازی کورد، هەوڵەکانیان بۆئەوەیە کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و کوردایەتی لە شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵک بپارێزن. ئەوان دەزانن خەڵک زۆر لە دەسەڵاتی کوردایەتی تورەیە.. دەزانن هەر فرسەتێکیان بۆ ڕێک بکەوێ چۆن دەسەڵاتی حکومەتی بەعسیان ڕامالی، بەوجۆرەش دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و حکومەت و داروودەستەکەی ڕادەماڵن. بەڵام هاوکات ئەوەش دەزانن کە ئەو خەڵکە تورەو نارازیە دوو گرفتی سەرەکیان هەیە، بۆیە دەیانەوێ بەسوود وەرگرتن لەو دوو گرفت و کەموکوڕیەی خەڵکی نارازی، سواری شەپۆلی تورەیی و خرۆشانی ئەوان ببن و جڵەوی نارەزایەتیەکانیان بگرن و بەرەو جێگایەکی دیکە و دوور لەوەی کە ئاوات و ئومێید ئەوانە ئاراستەکەی بگۆڕن.

گرفتی یەکەم ئەوەیە کە بەداخەوە خەڵکی تورەو نارازی کوردستان هێشتا بەپێی پێویست خۆی لە پێوەندی خۆشباوەری بە کوردایەتی و بە ئایدیۆلۆژیا و ئاسۆی سیاسی کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی کورد ڕزگار نەکردوە. هێشتا دەرفەتی ئەوە هەیە کە هێزێکی ناسیۆنالیستی نارازی بێت و خۆی وەکو ڕابەری ئەوان بۆ ڕزگاری و ئازادی لە دەسەڵاتی کوردایەتی نیشان بدات و بەشێکی خەڵکیش بڕوای پێبکات و شوێنی بکەوێت! هێشتا بواری ئەوە هەیە کە بەداخەوە تراژیدیای بزوتنەوەی گۆڕان بۆ چەواشەکردنی خەڵک لەلایەن هێزی سیاسی دیکەوە، بەشێوازی دیکەو بە قەبارەیەکی ڕەنگە کەمتر، بەڵام دوبارە بێتەوە! گرفتی دووەم، ناڕێکخراوی خەڵک و پرشو بڵاوی و بێبەش بوونە لەهەر جۆرە ڕێکخراوێکی جەماوەری رادیکاڵ و شۆڕشگێر و هەروەها کۆنەبوونەوەیانە لە دەوری پلاتفۆرم و بەرنامەی سیاسی حزبێکی سیاسی کۆمۆنیست و شۆڕشگێر کە لەلایەوە لەبەرامبەر هێزی میلیشیایی حزبە دەسەڵاتدارەکاندا توانای ڕووبەڕووبوونەوەی پێ ببەخشێت و لەلایەکی دیکەوە ئاسۆی سیاسی ڕۆشن بخاتە بەردەم خەباتی خەڵک و بەرەو سەرکەوتن ئاراستەی بکات.

نەوەی نوێ، ئیسلامیەکان، پاشماوەکانی یەکێتی و....و نارەزایانی ناو خێزانی کوردایەتی و بۆرژوازی کورد، بە هەست کردن بەو دوو گرفتەی خەڵک، دەیانەوێ خرۆشان و تورەیی خەڵک لە دەسەڵاتی کوردایەتی "خۆماڵی" لەباربەرن و هەمان ئەو دەسەڵاتەی سی ساڵە بێمافیان دەکات، لەژێر ناوێکی دیکەو بە ڕوخسارێکی دیکەوە درێژە پێ بدەن، هەروەک چۆن حزبەکانی کوردایەتی و بەرەی کوردستانی بەسوود وەرگرتن لە تورەیی و نارەزایەتی خەڵک لە ڕژێمی دڕندەو فاشیستی بەعس، سواری خرۆشان و ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ی خەڵک بوون و ئاکامەکەی بوو بەو حکومەت و دەسەڵاتەی کە زیاتر لە سی ساڵە بوەتە مۆتەکەی ژیان و گوزەرانی خەڵک و نەک ئەوەی خەڵک هەوڵی بۆ ئەدا، بەڵکو ئەوەشی کە هەیبوو، لێی زەوت کردو ئاسەوارێکی لێ نەهێشتەوە!

کەواتە وەکو چۆن شۆڕش و ڕاپەڕین مەترسیەکی ڕاستەقینەیە لەسەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو کوردایەتی، بەهەمانشێوە مەترسیەکی جدیشە لەسەر ئاراستەی خەبات و تێکۆشانی خەڵک ئەگەر ئەو دوو کەموکوڕیە جدیە پرنەکرێتەوە. لەو ڕووەوە مەترسیە لەسەر خەڵک، کە بەناچاری خەڵک دەست بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین بەرن، بەڵام بەهۆی ناڕێکخراوبوون و گیرۆدەبوونیان بە ئاسۆی سیاسی بۆرژوازی و کوردایەتی- ئیسلامیەوە، شۆڕش و ڕاپەڕینەکەیان بەدەردی شۆڕشەکانی دنیای عەرەب و ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ی کوردستان بچێت! هەروەکو چۆن بەرهەمی شۆڕشەکانی جیهانی عەرەب، سەرەڕای خەبات و قوربانی زۆری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، سەرەنجام ئاکامەی بەدژی ئەو خەڵکە خۆی گەڕایەوە. ئێستاش ئەم مەترسیە لەبەردەم خەباتی خەڵکی کوردستاندایە بۆ ڕزگاری لە دەسەڵاتی گەندەڵ و قەیرانگرتووی هەرێم! تێپەڕاندنی ئەم دوو گرفتە سەرەکیەی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی نارازی کوردستان، ئەرکی یەکەم و دەستبەجێی هەموو هێزو لایەن و گروپ و کەسێکی کۆمۆنیست، سۆشیالیست، ئازادیخوازو یەکسانیخوازە لە کوردستان ئەگەر بیانەوێ لە مێژووی سیاسی کوردستاندا نەخشێکی سیاسی شایستە بگێڕن!

★

**بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەشی کوردستان بەبێ ڕێکخراوبوون و ڕزگاربوون لە ئاسۆی سیاسی هێزە بۆرژواییەکان بە سەرکەوتن ناگات..ڕێکخراوبوون و بەهرەمەندبوون لە ئاسۆی سیاسی شۆڕشگێڕانە گرنگترین چەکی دەستی جەماوەرە بۆ گەیشتن بە ماف و بە ئامانجەکانی!**

# گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
# سەبارەت بە دواگۆڕانکاریەکانی بارودۆخی سیاسی کوردستان

ئۆکتۆبەر: دۆخی سیاسی کوردستان بە دەورانێکی ئاڵۆزو نارۆشندا تێپەڕ دەبێت. چارەنوسی هەرێم و حکومەتی هەرێم دیار نیە چی بەسەر دێت. حزبەکانی دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوا تووشی سەرەگێژە بوون و هەریەکەیان ڕوویان لە لایەک و لە دەوڵەتێک و لە ستراتیژێکی سیاسیە.. بنەمای دەسەڵاتداریتی هاوبەشیان ڕۆژدوای ڕۆژ بۆش دەبێت و لێک دەترازێت. ئەم دۆخە لەناو هەلومەرجی نادیاری سیاسی عێراقدا ئەوەندەی دیکە دۆخەکە تەمومژاوی و ترسناک دەکات... پارتی بەجیاواز لە یەکێتی دەچێتە ناو هاوپەیمانیەکەوە کە پشتی بەبەرەی نەیاری ئێران داوە.. یەکێتیش تەنیا گلەیی و گازەندەی بۆماوەتەوەو دەیەوێ لەپاڵ ئێراندا پارێزگاری لە پێگەی سیاسی خۆی بکات.. هەموو ئەمانە و سەرەنجام مووشەکبارانی ڕاستەوخۆی ئێران بۆ هەولێر پەیامێکی تایبەتی پێیە بۆ پارتی و هاوپەیمانەکانی... ئایا ئێوە چۆن ئەم بارودۆخە سیاسیەی ئێستای کوردستان لێکدەدەنەوە؟

خەسرەو سایە: ئێوە باس لەدۆخی ئاڵۆزو سەرەگێژەی حزبەکانی دەسەڵات و ئەو تێکچونە دەکەن کەلە پەیوەندی نێوان هەرێم وبەغدادا هاتوتەکایەوە. بەدڵنیاییەوە هەموو ئەم لایەنانەش لەژێر کاریگەری کۆمەڵێک فاکتۆری جیاوازدا سەری هەڵداوە کە پەیوەندیان بەدۆخی سیاسی ناوچەکەو بگرە جیهان و ئەو دەوڵەت و هێزانەوە هەیە کە لەناوچەکەدا ڕۆڵدەگێڕن لەشکڵداننەوە بەئاراستەی سیاسی و ئابوری ناوچەکە بەگشتی و عێراق بەتایبەتی، بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، کەدیارە دۆخی کوردستان ناتوانێ لەم چوارچێوەیە بەدەربێت. بەڵام تا ئەو جێگەیەی بە دۆخی تایبەتی ناوخۆی کوردستان خۆیەوە دەگەڕێتەوە، دەبێ لەسەر بنەماو ڕیشەی هەموو ئەو لایەنانەی کەلەپرسیارەکەدا هاتووە ڕاوەستین.

ساڵی ٢٠١٤، بەسەرهەڵدانی قەیرانێکی ئابووری، سەرەتای ڕەوەندێک دەستپێدەکات، کەسەراپای دەسەڵات و سیستەمێک کەئەحزابی بۆرژوازی کورد لەسەری ڕاوەستاوە، گێژەدەی چەقین و بنبەست دەکا و لەگەڵ تەنگانەیەکی گەورە بەرەورووی دەکاتەوە. ئەم قەیرانە کەزەمینەی سەرهەڵدانی ئیعترازێکی کۆمەڵایەتی، بەدوای خۆیدا دێنێ، ڕیزەکانی چینی دەسەڵاتدار دەخاتە لەرزەو لێکترازانەوە، بەتایبەتی کەنارەزایەتیە جەماوەریەکان بۆ موچەو خزمەتگوزاری وبەدەستهێنانی هەلی کار، ڕیزبەستنێکی چینایەتی لەنیوان دەسەڵات وخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشدا بەرامبەر بەیەک رادەگرێ. ئەم دۆخە بەدوای تەواوبوونی شەڕی داعش وڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کەبەلەدەستدانی کەرکوک وناوچە جێناکۆکەکان گەیشت، نەک هەر پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدای بردە ناو هاوکێشەیەکی لاسنگەوە، بەڵکو گشت دۆخی سیاسی کوردستانی لەنێو ئاڵۆزی ودەورانێکی پڕ لە کێشمەکێشدا، چ لەئاست حزبە پێکهێنەرەکانی حکومەتی هەرێم وچ لەبەرامبەر دەوڵەتی عیراق وهێزە عێراقیەکاندا ڕاگرت، کەئەنجامەکەی ئەحزابی بۆرژوازی کوردی ناچارکرد بەتەسلیم بون بەبڕیارەکانی بەغداو بەمەش هەموو ئەو سیاسەتانەی کەلەپشت ستراتیژی "ئابوری سەربەخۆ" و "کوردستانێکی بەهێز"ەوە، بوو، برد بەهەواداو بانگەشەی گەڕانەوە وریکەوتن لەگەڵ بەغدادا بوە ستراتیژ و ڕێگاچارەیەکی سەرەکی.

کێشەو ناکۆکیەکان لەسەر داهاتی نەوت و خاڵە گومرگیەکان، ئیدارەی فرۆکەخانەو گەلێک دامەزراوەی دیبلۆماسی وئەمنی و ئیداری، مەسەلەی بەشە بودجەی مانگانەی هەرێم.. ئەمانە لەگەڵ ئەوەدا کە پێگەی دەسەڵاتداریتی ئەحزابی بۆرژوازی کوردی لەبەرامبەر مەرکەزدا بەرادەیەکی زۆرلاوازکرد، ڕەنگدانەوەی لەناوخۆی کوردستاندا، بەقوڵبوونەوەی ناکۆکی نیوان حزبەکان و بێتوانایی دەسەڵات لەوەڵامدانەوە بەخواستەکانی خەڵکی نارازی وبەڕیوەبردنی کۆمەڵگا گەیاند. لەم دەورەیەدا حکومەتی هەرێم سیاسەتی"چاکسازی"، بەدەستەوەگرت وکەوتە کەمکردنەوەی وەزارەتەکان و لیکدانی بەریوەبەرایەتیەکان، هەرووەها بە لیستی موچەخۆراندا چووەوە و لەرێگای دەستبردن بۆ شەپۆلێکی تر لە بەتایبەتی کردنی چەند بوارێکی خزمەتگوزاری وداسەپاندنی باجگیریەوە، هێرشێکی فراوانی بۆسەر ئاستی ژیان وگوزەرانی خەڵکی کەمدەرامەت برد، تا هەم خەرجیەکانی حکومەت کەم بکاتەوە و هەم ئاستێک لە سەرمایەی کافی لەدەستی خۆیدا کۆبکاتەوە. بەڵام هەموو ئەم سیاسەتانە نەک هەرنەیتوانی دەسەڵات لەوقەیران و بنبەستەی کەتێی کەوتووە دەربکێشێت، بەڵکو شەپۆلێکی فراوانی لەنارەزایەتی جەماوەری لەدەوری موچەو کارو خزمەتگوزاری بەدوای خۆیدا هێنا. بەم حاڵەوە ئەم دۆخە ئاڵۆزکاوەی کوردستان، بەدوای کشانەوەی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست وتەواوبوونی جەنگی

بەوەکالەت لەناوچەکەدا، هاوکات لەژێرکاریگەریی کێشەو ململانێیەکانی نیوان ئەمریکاو دەخاڵەتی ئێران لەعیراقدا، هێندەی تر ئەحزابی بۆرژوازی کوردی لەگەڵ بێئاسۆیی و بنبەست بەرەوڕوکردەوە. نیشانەکانی ئەم بنبەست و بێ ئاسۆییە لە بێوەڵامی بەکێشە ئابوری وسیاسیەکانی کۆمەلگای کوردستان و بێتوانایی لەبەڕیوەبردنی کۆمەلگاو خواستەکانی خەڵکی نارازی و لێکترازانی هەرچی زیاتری پەیوەندی نیوان حزبەکان و قولتربونەوەی ناکۆکیەکانی نیوانیان خۆی نیشاندا. وە لە ئاکامدا دۆخی کوردستان لەحاڵەتی چاوەروانیدا، بەدیار ئەو گێژاو وناڕۆشنیەی کەلەئاست عیراق ناوچەکەدا لەئارادایە، ڕاگرت.. ئەمانە بەگشتی ڕیشەو بنەمای ئەو دۆخە بەیان دەکات کەکوردستانی خستۆتە نێو حاڵەتێکی نادیارو ئاڵۆزکاوی سیاسی و ئابوریەوە.

بەڵام هەڵبژاردنە گاڵتەجاڕیەکەی ئەم دواییانە کەبۆ پەرلەمانی عیراق سازدرا، ئومێدێکی خستەبەردەم ئەحزابی بۆرژوازی کورد، تا لەڕیگای بەدەستهێنانی کورسیەکانی پەرلەمان و لێرەیشەوە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنە عیراقیەکاندا، بتوانن بەڕیکەوتنێکی تازە بگەن وبەهۆیەوە هەم کێشەکانی نیوان هەرێم بەغدا، بەڕادەیەک چارەسەر بکەن وئەو لاسەنگیەی کەلەهاوکێشەی هیزدا تێی کەوتون ڕاست بکەنەوەو هەم بەوەرگرتنی بەشە بوجەی هەرێم لەداهاتی عیراقدا، بەشێک لەکێشە ئابوریەکان چارەسەر بکەن. بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نەک هەر بەوجۆرە نەکەوتۆتەوە کە وەڵامدەرەوەی ئەو ئومێدە بێت کە ئەحزابی بۆرژوازی کورد مایەی لەسەردان بوو، بگرە خودی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، لەلایەک توندبوونەوەی ناکۆکیەکانی نیوان باڵەکانی شیعە خۆیی و شیعەو سننە و ئەم دوانەش لەگەڵ ناسیونالیزمی کوردا، توندتر کردەوە ودەرگای دەورەیەکی تری لەکێشمەکێش وململانێ لەسەر سازدانەوەی حکومەت و پۆستی سەرۆک کۆمار و دابەشکردنی پۆستەکان وپێگەی هەریەک لەلایەنەکان خستۆتە سەرپشت، کەتێیدا خودی مانەوەی قەوارەی هەرێمی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عیراق لەپەیوەند بەمەلەفی نەوت و گازی هەرێم وئەو مەرج و داوایانەی کە لایەنە عیراقیەکان بەڕووی دەسەڵاتدارانی هەرێمدا دەیخەنەڕوو، خۆی نیشانەیەکە لەو ڕاستیەی کە ئەنجامی هەلبژاردنە پەرلەمانیەکەی عێراق و ئەو ڕیکەوتنانەی کەلەنیوان پارتیو سەدر وحەلبوسیدا، بەستراوە، نەک هەر دۆخی کوردستانی بەرەو باشتر نەبردووە، بەلکو پەیوەندیەکانی نێوان بەغداو هەرێم ئاڵۆزو ئاڵۆزتر کردوە. لەمەش زیاتر پەیوەندی نێوان یەکیەتی وپارتی و حزبەکانی تری خستۆتە تۆنێلێکی تاریک و پڕ لە کێشەوە. کەبێگومان ڕەنگدانەوەی هەموو ئەم هەلومەرجانە لەسەر دەسەڵات، بەچەقین وڕاوەستان لەتەنگانەی زیاترو بێ توانایی زیاتر لەبەڕیوەبردنی کۆمەلگا ونەبوونی ئارامی وجێگیری سیاسی و ئابوریی هێناوەتەکایەوە و خەباتی چینایەتی و نارەزایەتیە جەماوەریەکانی لەهێز هاوسەنگیکەی تازەدا داناوەتەوە... ئەمە چوارچیوەی ئەو لێکدانەوەیەیە کەدەمانباتەوە سەر هۆکارەکان و زەمینەکانی دۆخی ئاڵۆزکاوی کوردستان.

لەبارەی موشەکبارانەکەی ئێرانیشەوە ئەگەر قسەیەک بکەم، ئەوەیە کەئەم هەنگاوە سەربازیە، ئەگەرچی وادەردەکەوێت کە پەیامێک بێت بۆپارتی کەزیاتر بەرەو ئەمریکاو تورکیا هەڵنەخزێت، بەلام دەبێ لەچوارچیوەی ئەو گۆرانکاریە جیهانیەوە سەیری بکەین کە بەدوای سەرهەڵدانی جەنگ لەئۆکرانیا وڕۆچونی دونیای بۆ قۆناغێکی تازە بردوەو ململانی و کێشمەکێشی میلیستارستی بلۆکە ئیمپریالیستیەکان و هێزەناوچەییەکانی کردۆتە فاکتۆرێک سەرەکی بۆ دوبارە سازدانەوەو دابەشکردنەوەی جیهانی سەرمایەداری. سیفەتی سەرەکی ئەم قۆناغەش ئەوەیە کە دەوڵەت تێدا کاراکتەرێکی جەنگی و میلیتاریزمی ڕاستەوخۆیە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە ناوچەییەکان. بەواتایەکی تر، موشەکبارانەکەی ئێران ئاماژەیە بۆئەوەی کەئیتر دەخالەتی جمهوری ئیسلامی لەعیراقدا لەڕیگای میلیشیا شیعیەکانی لاینەگر بەخۆیەوە ناچیتە پێشەوە، بەلکو بۆ بردنەپێشەوەی سیاسەتەکان وبەدەستهێنانی پێگەو نفوزی زیاتر لەعیراقدا، ڕاستەوخۆ دەخالەتی میلیتاریستی دەگرێتەبەر.

**ئۆکتۆبەر: حکومەت و دەسەڵاتدارانی هەرێم نەک لەناو ئەو گێژاوە سیاسیەدا گیریان خواردوە، بەڵکو لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگای کوردستانیش شکستیان خواردوە. کەم کەس هەیە کە بەرگری لەو دەسەڵاتە بکات. زۆربەی هەرە زۆری خەڵک باسی بێکارەیی و بێ بایەخبوونی حکومەت دەکەن و خوازیاری ڕوخاندنین، بەجۆرێک کە تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کە تائێستا هەموو هەوڵێکیان دەدا خەڵک بەوە قانیع بکەن کە دەنگدان و هەڵبژاردن رێگای ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتە، باسی مەترسی شۆڕش دەکەن. لەوەش واوەتر کەسێکی وەکو لاهور جەنگی کە تا دوێنێ لە پۆستی سەرەوەی یەکێتیدا بوو، باسی ڕاپەڕین دەکات دژی ئەم دەسەڵاتە! ئێوە ئەم پرسە چۆن هەڵدەسەنگێنن و تا چ ڕادەیەک مەترسی شۆڕش هەیە؟ سەرەکیترین ئەگەرەکان چین و ئاڕاستەی روداوەکان بەرەو کوێ دەچن!؟**

خەسرەوسایە: ئەوە ڕاستە کەخەڵک نارازیەو خواستی وەلانانی دەسەڵاتیش لەئارادایە، بەلام مەرج نیە هەموو نارەزایەتی و

خواستێک خۆبەخۆ بەکردەیەکی شۆڕشگێرانەی وابگات کەخواست و ئومێدی خەڵک بەدی بهێنێ. بەلام ئەگەر لەسەر بنەمای ئەو لێکدانەوەیەی کە لەوەلامی پرسیارەکەی پێشوودا خستمانەڕوو، ئەنجامێک بگرین ئەوا کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی لەبەردەم دوو ئەگەردایە:

یەکەمیان: ئەگەری ئەوەی کە جارێکی تر ڕێگاچارەی ئەمریکایی بتوانێ لەسازدانەوەی دەوڵەتی عێراقدا، پێگەیەک بۆ ئەحزابی بۆرژوازی کورد بەڕازیکردنی لایەنە عێراقیەکان بکاتەوەو لەرێکەوتنێکی تازەدا پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، پێناسە بکرێتەوەو لانی کەم کێشەو ململانێیەکانی نێوانیان ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت بەلایەکدا بخات و لێرەشەوە دەرچەیەک بۆ لێکنزیک کردنەوەی ئەحزابەکان بەدیبهێنێ و وەلام بە کێشە ئابوری و سیاسیەکان لەناوخۆی کوردستاندا بۆ بدۆزێتەوە. بەڵام ئەگەر ئەمریکا لەساڵی ٩١ دا توانی بەروخانی سەدام و سازدانەوەی دەوڵەتی عێراق لەژێرناوی دیموکراتی و پەرلەماندا، داهاتو دەسەلاتەکان دابەش بکا و لەونێوەشدا، پێگەیەک بۆ ناسیونالیزمی کورد بەناوی "قەوارەی هەرێم" بکاتەوە، ئێستا دۆخەکە بەفەشەلی ئەم پرۆژەیە گەیشتووەو خودی ئەمریکاش لەپاشەکشەیەکی گەورەدایە. لەمەش زیاتر ئەگەر ئەم ئەگەرە ببەینە نێو دۆخی جیهانی ئێستاو ئەو ناڕۆشنی وگێژاوەی کەلە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیە، بەتایبەتی کە ئێران وەک هێزێکی نەیاری ئەمریکا، لەئاست عێراق وناوچەکەدا نفوزو دەخالەتی هەیە، لەگەڵ دەیان گرفت و بەربەست بەرەوڕوو دەکاتەوە و لەتونێلێکی تاریکدا ڕای دەگرێ. بۆیە ئەم ئەگەرە ئاسۆیەکی ڕونی لەبەردەمدانییە.

دووەمیان: ئەگەری ڕاپەڕین و شۆڕشە. ئەم ئەگەرە هەر لەوێوە سەردەرناهێنێ کە جولانەوەیەکی فراوانی جەماوەری بۆ خواستی وەلانانی دەسەلات بەفراوانی لەمەیداندایە، بەڵکو خودی ئەو قەیرانە ئابوری و سیاسیەی کەبۆتە بنەمای ئەو بنبەستەی کەدەسەلات تێی کەوتووە، ڕێگاچارەکەی بەتەنها لەدەست بۆرژوازی کوردو حزبەکانیدا نیە، بەڵکو چارەسەرەکەی پەیوەندی بەدۆخی ناوچەکە بەگشتی و عێراق بەتایبەتیەوە هەیە. واتە تا کێشە ئابوری و سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بەگشتی و عیراق بەتایبەتی، ڕێگاچارەیەکی بۆ نەدۆزرێتەوە ئەوا کۆمەلگای کوردستان هەر لەچاوەڕوانی و گێژاوی سیاسی و قەیرانی ئابوریدا دەمێنێتەوە. ئەمەش فرسەت و دەرفەت بەخەباتی چینایەتی و هەوڵەکان بۆ ئامادەکردنی پێداویستیەکانی ڕاپەڕین و شۆڕش دەخاتە بەردەم چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکانەوە. ئەوەی ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشە، بەچ ڕەوەنێکدا دەچێتە پێشەوەو وەلام بەچ گرفتێکی سیاسی و کۆمەلایەتی دەداتەوەو قۆناغەکەنی پێشڕەوی کامانەیە، ئێمە لە بەڵگەنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبدا بەناوی "مانیفیشتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ ئالوگۆڕی شۆڕشگێرانە" باسمان لێکردوە کەلێرەدا ناکرێت لەسەری بچم. بەلام یەک واقیعەت هەیە ئەویش ئەوەیە کە کۆمەلگای کوردستان بەکردەوە لەبەردەم ئالوگۆڕیکدا ڕاوەستاوە وهەرگیز لەم حاڵەتەی ئێستایدا نامێنێتەوە. وەلامی ئێمە بەم واقیعەتە دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، واتە ڕابەریکردن و ڕێنوێنیکردنی نارەزایەتیەکانی ئێستای خەڵکی کرێکار وزەحمەتکێش بەرەو یەک ئالوگۆڕی شۆڕشگێرانە کە سەرتاپای ئەم دۆخە لەبنەوە هەڵگەڕێنێتەوەو پێداویستیەکانی شۆڕشی کرێکاری سازو ئامادە بکات. ئێمە وەک حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەتەواوی تواناوە بۆ ئەم ئەگەرە کاردەکەین وهەوڵدەدەین ڕێگریەکانی بەردەمی لابەرین وتوانای جەماوەری بۆ هەڵخرێنین.

لەبارەی ڕۆڵی ڕەوت و کەسایەتیە بۆرژواییە نەیارەکانی دەسەلاتیشەوە.. سەرەتا ئەوە بلێم کە نابێ هیچ ڕەوت ولایەن وکەسایەتیەکی بۆرژوازی بەکەم بگیرێت، چونکە کوردستان کۆمەڵگایەکی حزبی گرتووە پارەو کۆمپانیاو دەزگای میدیای وهێزی میلیشیایی بەم یان بەوئاستە دەوریان هەیە لەوەدا کەدۆخی کوردستان بەرەوکوێ دەچێت. بۆیە دەبێ ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی و حزبی ئێمە لەپێناو شکڵدان بەجولانەوەیەکی سیاسی و چینایەتی سەربەخۆدا، حساب بۆ هەموو فاکتۆرێک بکەیەن و لە ناکام کردنەوەی ڕۆڵیاندا شێوازو ڕەوشتی تایبەت لەکاتی خۆیدا بگرینەبەر. ئەمە لایەنێکی سەرەکیە لەئامادەکردنی پێداویستیەکانی دەستبردن بۆ هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێک. بەلام ئەوەی کەبەم دواییانە نەوەی نوێ و ئیسلامیەکانی یەکخستوەو بڕیارە لە"بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن"دا کۆببنەوە، خۆی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەهەریەک لەم لایەنانە ناتوانن نارەزایەتیە جەماوەریەکان بخەنە پشت سەری خۆیان. لەلایەکی ترەوە ئەوە خودی خەلکی نارازیە کە هوشیاریان بەدەستهێناوە وکەم تازۆر لەناوەرۆکی سیاسی و چینایەتی ئەم هێزانە تێگەیشتون، کەهێزێک نین خواستی ئەوان بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی بەدەست بهێنن. ئاخر بڕیار نیە خەلک دوای ئەم هەموو ساڵە لەبێزاری و خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین لەدژی کۆمپانیاکانی یەکیەتی و پارتی و تالانوبرۆیان سەنگەری خۆیان بەرەولای کۆمپانیاکانی شاسوار عەبدولواحیدو یەکگرتوو کۆمەل بگوێزنەوە ولەم ڕێگایەوە خواستی نان و کارو موچەو خزمەتگوزاریەکانیان بەدەست بهێنن. بەبڕوای من ئەم هێزانە ئەگەر بۆ ماوەیەکیش جەماوەر بەلاڕیدا

بەرن، بەلام بەحوکمی ئەوەی کەلەجەوهەردا پڕۆژەیەکی سیاسی وئابوری جیاوازیان نییە لەوەی کە حزبەکانی نێو دەسەڵات کاری لەسەر دەکەن، هاوکات بەحوکمی ئەوەی کەهەرخۆیان بەشێکن لەو سیستەم ودەسەڵاتەی کە یەکیەتی وپارتی دایان سەپاندووە بەسەر کۆمەڵگادا، ناتوانن هێزگەلێک بن تاسەر خەڵکی نارازی لەخۆشباوەڕیدا ڕابگرن.

**ئۆکتۆبەر: بەبڕوای ئێوە خەڵک دەبێت چی بکات تا بتوانێ بە کەم دەردیسەرترین ڕێگا لەم دەسەڵاتە ڕزگاری بێت؟ ئەرکی حزب و هێزە سیاسیەکانی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان و سۆشیالیستەکان و بەگشتی ئازادیخوازان چیە؟**

خەسرەوسایە: هەروەک پێشووتر ئاماژەمان پێدا کەکوردستان لەبەردەم ئەگەری ئاڵوگۆڕدایە. لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری نارازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو ومیحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پێبهێنێ، بەڵکو لەدڵی نارەزایەتیەکانی ئێستاوە، سیستەمێک لەدەسەلاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنی کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنێ. بەواتایەکی تر بۆ ئێمە کرێکاران و کۆمۆنیستەکان و خەڵکی مەحرومی کۆمەلگا، ئاڵوگۆڕی کۆمەلایەتی لەدۆخی ئێستای کوردستاندا، ئەو مانایەی هەیە کە کۆمەڵگای کوردستان بەیەک دەورەی شۆڕشگێڕانەدا تێپەڕێت، کە لەجەرگەیدا نەک هەر دەسەڵاتی حزبەکان وەلابنێ، بەڵکو لەڕیشەوە ئەو سیستەمە ئابوری و سیاسی وئیدیاریە هەڵوەشێنێتەوە، کە بۆرژوازی کورد دایمەزراندوە و بەقازانجی چینی سەرمایەدار وخاوەن کۆمپانیاکان پارێزگاری لێدەکات، دەورەیەکی شۆڕشگێڕانە کەلەیەکەم هەنگاودا دەسەڵاتی ئێستا وەلابنێ وپایەکانی دەسەڵاتداریتی جەماوەری، یانی حکومەتی شوراکانی جەماوەر دامەزرێنێ. بێگومان ئەم کارە سادە نیەو بەحوکمی تەقسیماتی ناوچەکانی نفوزی ئەحزاب و هێزی چەکداریان، هەروەها بەحوکمی وجودی ئەمریکاو ئێران و ئەو پەیوەندیەی کە کوردستان لەگەڵ عێراقدا بەناوی فیدراڵیزمەوە دامەزراوە، ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشە، بەپرۆسەیەکدا دەچێتە پێشەوە کەهەنگاو بەهەنگاو بتوانێ بەربەستەکانی لەبەردەم هەڵگیرێت.

لەقۆناغی ئێستا کە نارەزایەتیە جەماوەریەکان ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەی بەسەردا زاڵ نیە و بەدیلی حاکمیەتی جەماوەری نەخستۆتە دەستوری خۆیەوە، هاوکات نارەزایەتیەکان پەرشوبڵاوەو خاوەنی ڕابەرانی سەراسەری وشێوەکانی ڕیکخراوبوونی پێشکەوتووی جەماوەری نییە، بەرلەهەرشتێک زاڵکردنی ئاسۆی شۆڕشگێڕانە بەسەر ڕابەرانو هەڵسوراوانی نارەزایەتیەکان و هەولدان بۆ لێکهەڵپێکان وسەراسەریکردنەوەی نارەزایەتیەکانی ئێستاو دابینکردنی ڕابەریەکی کارامەو شۆڕشگێڕ، دەکاتە یەکەمین ئەرکێکی سەرشانی کۆمۆنیستەکان و هەموو ئەوانەی خوازیاری ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەن. لەیەک وتەدا ئەگەر بڵێم کە فراوانکردنەوەو ڕێکخراوکردن ورابەریکردنی نارەزایەتیەکانی ئێستا وبردنیان بەرەو جولانەوەیەکی سیاسی جەماوەری وسەربەخۆ لەئەحزابی بۆرژوازی، ئەرکی سەرەکی ئێمە کۆمۆنیستەکانە. تائەو جێگەیەی بەخەڵکی نارازی دەگەڕیتەوە، لەئێستادا فراوانکردنەوە وهێنانەمەیدانی فراوانی نارەزایەتیەکان، لەناوەندەکانی کارو گەڕەک و بەریوەبەرایەتیەکاندا و کۆبوونەوە لەدەوری خواستەکان ولێرەشەوە ڕێکخستنی کۆبوونەوەی گشتی جەماوەری وهەڵبژاردنی نوێنەران، بزوتنەوە نارەزایەتیەکان دەباتە ئاستێکی باشترەوە بەهۆیەوە زەمینەی کاری ڕاستەوخۆی جەماوەری بۆ بەڕیوەبردنی ناوەندەکانی کارو گەڕەک و بەریوەبەرایەتیەکان زامن دەکات. هەرلەم پەیوەندەدا ڕۆڵی ڕابەران و هەڵسوراوان و ڕیکخەرانی نارەزایەتیەکان کلیلی سەرەکی هەموو ئەو هەنگاوانەیە کە بەهۆیەوە نارەزایەتیەکانی ئێستا هەم سەراسەری دەکاتەوەو هەم لەچوارچیوەی بزوتنەوەیەکی سیاسی سەربەخۆو شۆڕشگێڕانەدا ڕیکخراوی دەکات. ئەمەش بەوەی کە ئەم کاراکتەرانە، لەئێستاوە بەفراوانی دەستبەرن بۆ پێکهینانی دەستەکانی نارەزایەتی وهەرجۆرە ڕێکخراوەیەکی تر.. بەگشتی ئەمە ئەو کارانەن کەدەبی کۆمۆنیستەکان و ئازایخوازان هەڵسوراوان بەتایبەتی وخەڵکی نارازی بەگشتی ئەنجامی بدەن.

☆

**لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری نارازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو ومیحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پێبهێنێ، بەڵکو لەدڵی نارەزایەتیەکانی ئێستاوە، سیستەمێک لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنی کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنێ.**

# درێژەی ......نەوەی نوێ و هاورێیەتی ئیسلامی سیاسی...!

عوسمان حاجی مارف

نارەزایەتیەکان لە هەر ئاستێک و توانایەکدا بێت و بۆ هەر داواکاریەک خۆی بنوێنێت، دۆخەکەی بەجۆرێکە فرسەت بۆ ئەو لایەن و هێزانە نیە کە لە ناو دەسەلات و پەرلەمانەوە بتوانن هێژمۆنی فکری سیاسی خۆیان بەسەر نارەزایەتیەکاندا بسەپێنن

ناکرێ مەودای خواستێکی بەرفراوان لە بێزاری و تورەیی و نارەزایەتی جەماوەریدا،جگە لە نایەک بۆنەویستنی ئەم دەسەلاتەی ئێستای حزبەکانی کوردایەتی بۆی بروانین، چونکە قەیرانی قوڵی دەسەلاتی سیاسی لە سەر دەستی بزوتنەوەی کوردایەتی وەک هێزە میلیشیاکانی، دۆخێکی واقعیەو ئەزمونێکی رسواو قیزەوەنیان لەسەر شانۆی سیاسی کوردستان خستۆتە روو، کە جگە لەکۆتایی هێنان بەدەسەلاتەکەیان و راماڵینی تەواوی پێکهاتەو دامودەزگاکانیان هیچ رێگایەکی تر،بۆ رزگاری خەڵک لەم هەلومەرجە نالەبارو نائەمن و فەلاکەت بارو نەخوازراوە کارساز نیە. کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان، لە ماوەی سی ساڵی دەسەلاتی سیاسی یەکێتی و پارتیدا شەوێکیان نیە بە ئاسودەیی خەوتبن و بە ئومێدەوە رۆژیان لێ هەڵهاتبێت.

ئەوەی گرنگە لەم نێوەدا هەر پێناسەیەک کە بۆ ئەم دەسەلاتە تالانچی و گەندەڵ و جەردەیە دەکرێت، چەند لایەنێک بەناوی ئۆپۆزیسیۆن لە ناو دەسەلاتدا بونە بەشێک لە پێناسەو پێکهاتەی ئەم دەسەلاتە بورجوا ناسیۆنالیست و میلیشیایە. بزوتنەوەی گۆران و یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵ نمونەیەکی شکستخواردوی ئەم جۆرە ئەزمونەیان نیشاندان، کە بونەتە بەشێک لە رووی زیاتر قێزەون بونی ئەم دەسەلاتە، لە هەمان کاتدا دیمان کە ئاستی نارەزایەتیە جەماوەریەکان چۆ یەخەی ئەم هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەشی راوەشان و دایاندری و دەستیان لە سوتاندنی بارەگاکانیان نە پاراست.

ئەم جۆرە ئۆپۆزیسیۆنەی کە بەناوی پشتیوانی لە نارەزایەتیەکانی ١٧شوبات خۆی نواندو دواتر بونە پاشکۆی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی دەسەلاتی پارتی و یەکێتی، ئیسلامیەکان نوێژەکانی مەیدانی ئازادیان گواستەوە بۆ ناو پەرلەمان و وەزارەتەکان، دروشمی "ئەی گۆرین" بوبە پێشکەشکردنی شەقامی ئارام بە دەسەلات، ئەوە ئاکامی ئەو بەرنامەو رێبازە سیاسیەیە کە گۆران و ئیسلامیەکان لە هەمان چوارچێوەی بەرنامە و رێبازی سیاسی دەسەلاتی پارتی و یەکێتیدا نەخشەی بنەرەتیان هەیە بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیەک کە بازاری کارو کاری بەکرێ بنەماکەی بێت و خاوەنداریەتی تایبەتی بۆهۆکانی بەرهەم هێنان و کەڵەکەی سەرمایە لە چنگی کەمایەتیەکدا زەوتکرابێت و سوربن لەسەر ئەوەی کە دەبێت پاریزەری کۆمەڵگەیەک بن، نابێت ئینسانەکان یەکسان بن، نایەکسانی بۆیان واقعیەتێکی مێژویی و هەتاهەتاییە، ئۆپۆزیسیۆن بن یا دەسەلاتدار، هیچ کات پێچەوانەی ئەو بەرنامەو سیاسەتەیان جوڵە ناکەن، ئەو هێزانە ئەوەندە ئۆپۆزیسیۆن دەبن بەڵکو لە هەلومەرجێکدا فرسەتی ئەوەیان بۆ بێتە پێشەوە لەبری پارتی و یەکێتی بە هەمان رێبازی کەڵەکەی سەرمایە و چەوسانەوەی ئینسان خۆیان ببنە خاوەنی دەسەلات، بەلام دۆخی سیاسی کوردستان لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١دا ئەو فرسەتەی تیا نەبو کە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە لەو ئاستەدا بێت بتوانن ببنە هێزی یەکەم لە دەسەلاتی سیاسیدا، بەڵکو لە ناچاریا چونەوە باوەشی پارتی و یەکێتی و بونە هێزێکی پاشکۆ بۆ پاراستنی هەمان دەسەلاتی سیاسی.

ئێستاش دۆخی کوردستان کە جۆرێکی تر لە ئاستی بەرزی نارەزایەتی بەخۆیەوە نیشان ئەدات، نارەزایەتیەک بە هەموو زمان و چەندین جۆری دەربرینەوە، جەماوەری تورەو نارازی داوادەکەن و دەڵێن ئەم دەسەلاتەمان ناوێت، ئۆپۆزیسیۆنی ناو پەرلەمان و دەسەلات جارێکی تر سەرەلەقەیانەو لە هەوڵی ئەوەدان خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو نارەزایەتیانە، هەڵبەتە لەم کەین و بەینەدا گۆران بەجۆرێک نیشانەکانی شکست و رسوایی خۆی لەو مەیدانەدا نیشانداوە کە ئەو هەلەی لە دەستدا تا بەگورێ دروشمی ئەیگۆرین جارێکی تر بتوانێ بێتەوە مەیدان.

کۆمەڵ و یەکگرتوش ئەم جارە فرسەتی ئەوەیان نابێت بە نوێژ لە مەیدانەکاندا لایەنگری لە نارەزایەتیەکان بکەن، چونکە روخانی دەسەلات لە خرۆشانێکی جەماوەری بەرفراوانەوە دەبێتە راپەرینێک، کە نوێژکردن ناتوانێ وەک شێوازی نارەزایەتی خۆی تیا بنوێنێت، گۆران و ئیسلامیەکان ئێستا بە شێکن لەو دەسەلاتەی ئایندەیەکی زۆر تاریک چاوەروانی دەکات، واتە پێویستە پێش ئەوەی بخلیسکێنە ناو نارەزایەتیەکانەوە، دەبێت هەر لەئێستاوە هیچ جۆرە پەیوەندیەکی راستەوخۆو ناراستەوخۆیان بە دەسەلات و پارتی و یەکێتیەو نەمێنێت.

ئەوەی جێگای تێرامانە

لەم نێوەدا "نەوەی نوێی"ە کە وەک هێزێکی تازەی ئۆپۆزیسیۆن لەمەیدانەکەدا گەمەی سیاسی دەکات، بەڵام جگە لە ڕەخنە لە سەر گەندەڵی و بێدەربەستی و ناڕاستگۆیی... مەبەستی نیە لەسەر گۆڕانی پێکهاتەو سیستمی ئابوری کوردستان، ئابوریەک کەلەسەر چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسان دامەزراوە قسەیەک بکات، پێش هەموشتێک سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ بۆ خۆی سەرمایەدارەو گەر دەسەڵاتیش بگرێتە دەست، کە ناتوانێ بیگرێتە دەست، وەک نوێنەری سەرمایەدار کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات، پشت دەبەستێت بە کرێی کاری هەرزان لە بازاڕدا. با لەمانە گەڕێین لە باری سیاسیشیەوە، دۆخەکە بۆ نەوەی نوێ لەو ئاستەدا نیە کە بتوانێ فرسەتی دەسەڵاتی هەبێت، چونکە هەلومەرجی سیاسی کوردستان لە پەیوەند بە هەلومەرجی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چونیەتی دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی دنیاو وڵاتانی ناوچەکە، نەوەی نوێ ناتوانێ ئەو نمونەیە بێت کە لە باری هێژمۆنی سیاسیەوە پارێزەری سەقامگیری دەسەڵاتی سەرمایەبێت لە کوردستاندا، ئەوەی پارتی و یەکێتی ماوەی سی و یەک ساڵە بە شێوەی ئەو پەڕی نائینسانی و دڕندە کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن، لە هەمان کاتدا توانیویانە پارێزەری بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداران و بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی سەرمایەداری جیهان بن، سەرۆکی نەوەی نوێ بەهەرجۆرێک بۆتە دەرکەوتەیەک، دەتوانێ سەرمایەدارێکی ناوخۆیی بێت، بەڵام ناتوانێ وەک سیاسیەک نوێنەری پارێزەری دەسەڵاتی سەرمایە بێت لە کوردستاندا، ناتوانێ لە نێو کێشمەکێش و شەری نێوان جەمسەرە ئیمپریالیەکاندا پێکەیەک بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، هەر بۆیە ناشتوانێ لە ئاستی بونی چەند ئەندام پەرلەمانێک زیاتر سیاسەتەکانی بەرێتە پێشەوە، بەڵکو سەرۆکی بزوتنەوەی نەوەی نوێ وەک سەرمایەدارێک خۆی پێویستی بە دەسەڵاتێکە پارێزەری بێت.

لەلایەکی ترەوە گەر بێینەسەر هەنگاوەکانی ئەم دواییانەی نەوەی نوێ کە بەدوای نەوەی کۆنەوەیە، هەوڵئەدات وەک هێزێکی بارزی ئۆپۆزیسۆن لە پەیوەند بە نارەزایەتیەکانەوە دەرکەوێت، بە شیوزایێک دوبارەکردنەوەی هەنگاوەکانی بزوتنەوەی گۆڕانە کەلە ١٧شوباتدا کاری لەسەر دەکرد، بەڵام لە دۆخێکی تەواو جیاوازدایە، یەکەم : هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە ئاڵوگۆڕێکی زۆر جیاوازی هەیە لە چاو ٢٠١١دا، چاوەڕوانیەکان ئەوەی تیا پێشبینی دەکرێت کە ناوچەکەو عێراق و کوردستان لە بەردەم پێشهاتەی تازەو ئاڵوگۆڕێکدایە کە جێگەو ڕێگای هێزە سیاسیەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت، جوڵانەوەی نەوەی نوێ لەو ئامادەییەدانیە کە بتوانێ لەو ئاڵوگۆڕانەدا پێگەیەکی بەهێز بەدەست بهێنیت. دووەم : گەر گۆڕان توانی لەو دەورەیەدا پێگەیەک لە حکومەتی بنەکە فراواندا بۆخۆی بەدەسەت بهێنێت، بەمانای ئەوەبو کە پارتی و یەکێتی توانیان هەمان دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بە هەمان پێکهاتەی دەسەڵاتی میلیشایی بپارێزن و گۆڕانیش پشتیوانی لێکردن، بەڵام دەورانی ئێستا پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی یەکێتی و پارتی لەبەرامبەر ئەو ئاڵوگۆڕانەو قەیرانی سیاسی کە لە ناوچەکەو عێراقدا چاوەڕوان دەکرێت لە ژێر پرسیاردایەو لە قەیرانێکی قوڵدان، بۆیە جوڵانەوەی نەوەی نوێ لەو حسابانەدا سەوداو مامەڵەی پێ ناکرێت.

نەوەی نوێ بەو شێوازە خێرخوازیانەی بە جێی گەیاند، گەر هەر دەورێکی لە چەواشەکاریدا ببینێت جەماوەرێکی بەدەوری خۆیدا گردکردبێتەوە، بەڵام ئەم دانیشتن و ڕێکەوتنانەی لەگەڵ لایەنە ئیسلامیەکاندا پێکیان هێنا، چەند هەنگاوێک گەڕانەوەیە بۆ دواوە، چونکە ئیسلامیەکان نەک نەیانتوانی بەو ڕێکەوتنانەی کاتی خۆی لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕاندا ئەنجامیاندا نزیک بونەوە لە جەماوەری ناڕازی بەدەست بهێنن، بەڵکو وەک بەشێک لەدەسەڵات کەوتنە بەردەم نارەزایەتیە جەماوەریەکانەوە.

هەربۆیە ئاسانە گەر بگەین بەو ئەنجامەی کە مانای ئەو هەنگاوانەی نەوەی نوێی ناچارکردوە بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئیسلامیەکاندا ڕویەکی ناشرینی خۆی نیشان بدات. یەکەم: بنبەستی سیاسی نەوەی نوێیە بۆ ئەو نەخشانەی کە چاوەڕوان بو جێگایە لە پەرلەمانی بەغدا یان لەگەڵ هیزێکی سیاسیدا پێگەیەک بۆ جوڵانەوەکە بەدەست بهێنێت، بەڵام قەیرانی پێکهێنانی حکومەت لە بەغداو ناکۆکی نێوان هێزە میلیشیاکان ئەو ئومێدەی نەوەی نوێی خستە لاوە. دووەم: دۆخی سیاسی کوردستان و قەیرانی دەسەڵات و ناڕۆشنی دۆخی هەڵبژاردن، ئومێدی نەوەی نوێ بەوەی کە ژمارەی کورسیەکانی زیاد بکات، بە ناکامی بەجێ ماوە، هەر بانگەشەیەک بۆ نەوەی نوێ دەبێتە خەرجی زیادە بۆ هەڵبژارنێک کە ئایندەکەی لە هەموو کات نادیارترە. سێیەم: ئاستی نارەزایەتیە جەماوەریەکان بۆ خواستی ڕاماڵینی دەسەڵات لەوە واوەترە کە نەوەی نوێ بتوانێت وەک ئەڵتەرنەتیفێک بێتە مەیدانەوەو بتوانێ نوێنەرایەتی نارەزایەتیەکان بە چەواشەکاری بباتە سەر، خرۆشانی جەماوەری و ڕاپەرین، هەرەشە لە بەرژەوەندیە ئابوریەکان و سەرمایەی سەرۆکی نەوەی نوێش دەکات. هەر بۆیە نەوەی نوێ زیاتر دەکەوێتە سەرەگێژەو گێژاوێکەوە گەر زیادەڕۆیی بکات نەک پێگەی سیاسی، سەرمایەکەشی لە دەست ئەدات، هەر بۆیە لەم نێوەدا پێکهێنانی بەرەی لەگەڵ ئیسلامیەکان هەڵبژاردووە.

★

# بڕیارنامە دەربارەی: بزووتنەوەی کرێکاری و سەرخەتی ئەرکەکانی ئەم دەورەیەی حزب

## پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزب

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە:

• بزووتنەوەی کرێکاری لەئێستادا لە سەنگەری بەرگری ولاوازدایە بەرامبەر بەهێرشی حکومەت و سەرمایەداران، هێشتا خاوەنی ڕێکخراوەی سەربەخۆ و بەهێز نیە و بێبەشە لە ڕابەران وهەڵسووڕاوانێکی ناسراو و بەرجەستە، بەتایبەت لە ئاستی سەراسەریدا. مەیلی سۆسیالیستی لە دەروونی ئەم بزووتنەوەیەدا لاوازە. ناڕەزایەتی و شێوەکانی خۆنواندنی ئەم بزووتنەوەیە لەچوارچێوەی ناڕەزایەتی کارگەیی و ڕشتەیی و مانگرتنی ماوەکورت و نۆبەتی قەتیس ماوەتەوە.

• خەبات و ناڕەزایەتی ڕۆژانەی ئەم چینە هەرچەندە پەرتوبلاو و ناڕێکخراویش بێت، بەڵام یەکەمین سەنگەری ئەم چینەیە بەرامبەر بەهێرشی بەردەوامی بۆرژوازی. ئەم خەباتە لەم ساڵانەی دواییدا بزووتنەوەی کرێکاری بەرەو دۆخێکی تازە بردووە. مانگرتن و دەست لەکارکێشانەوە، دانی یاداشتنامە بەحکومەت و گفتوگۆی نوێنەران لەگەڵ خاوەنکار و کۆمپانیاکان تا دەستبردن بۆ مانگرتن وبەستنی ڕێگاکان، لە ناوەندەکانی کار وبەرێوەبەرایەتییەکاندا، شێوەکانی خۆنواندنی ئەم بزووتنەوەیە بووە لەچەند ساڵی ڕابردوودا.

• داخوازییەکانی کرێکاران لەم خەباتە ڕۆژانەیەدا بەزۆری بریتی بوون لە؛ خواستی دامەزراندن،دەرماڵە،هەمیشەیی کردنی گرێبەستی کار، مافی خانەنشینی، باشکردنی هەلومەرجی کار، دژی لێبڕین وپاشەکەوتی زۆرەملێی موچە، دژ بە بڕینی دەرماڵە و نەدانی قازانجی ساڵانە، دژی لەسەرکار دەرکردن وسزادان لەلایەن خاوەنکار و خاوەن کۆمپانیاکانەوە، دژی سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابووری و ئاوەڵاکردنی دەستی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و ژێرپێنانی سەرەتاییترین مافەکانی کرێکاران.

• گۆڕینی هێزهاوسەنگی ئێستا بە قازانجی چینی کرێکار لە گرەوی خەباتێکی یەکگرتوو و ڕێکخراو و سەراسەری ئەم چینەیە لە دەوری داخوازییە سەراسەری و هاوبەشەکانی خۆی. خەباتی ئابووریو ڕۆژانە بەردی بناغەی هوشیاری چینایەتییە. کرێکاران لە جەرگەی ئەم خەباتەدا دەستیان بە هوشیاری چینایەتی دەگات و پەی بە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان دەبەن. ئەم هوشیارییە چینایەتییە مەرجی سەرەکییە بۆ دەستڕاگەیشتن بە هوشیاری سۆسیالیستی و خەباتێکی ڕێکخراو و یەکگرتوو لەپێناو ئازادی و یەکسانی و ڕیشەکێش کردنی چەوسانەوەدا.

• ناکۆکی و دووبەرەکی هۆکارێکی پەرتوبلاوی ڕیزی چینی کرێکارە. دابەشکردنی کرێکاران بە کرێکاری ژن و پیاو، کرێکاری حکومی و ئەهلی، کرێکاری ناوخۆو هاتوو، دیاریکردنی مافەکانیان لەسەر بنەمای ئەو جیاکارییانە، مایەی دووبەرەکین لە ڕیزەکانی ئەم چینەدا. بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە دەیان هەزار کرێکاری هاتوو لە کوردستاندا، کە لە هەلومەرجێکی زۆر سەخت و دژواردا بە کرێیەکی کەم کار دەکەن، بەڵام بەهۆی برەوی ناسیونالیزم و قورسایی نەریت و ئاسۆ بۆرژوازییەکان لەسەر کرێکاران، وەکو هۆکاری دابەزاندنی کرێ و پەرەسەندنی بێکاری تەماشا دەکرێن. ئەمەش بوەتە مایەی دژایەتی کردنی کرێکاری هاتوو لەلایەن کرێکاری ناوخۆوە.

• باروودۆخی گشتی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان بەتایبەتی بارودۆخی سیاسی، لە گێژاوی سیاسی بەرامبەرکێی نێوان حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی ناوندییەوە تا کێشمەکێشی دەسەڵاتی میلیشیایی و ناوچەیی یەکێتی و پارتی، تا گرێدانەوەی دامەزرانی کرێکاران بە تەزکیەی حزبی، نەبوونی هیچ یاساکارێک کە مافەکانی کرێکارانی دیاری کردبێت... قورساییەکی زۆری کردوە لەسەر هەلومەرجی کار و بزووتنەوە و خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکار.

• حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەوە، هەوڵدەدەن لەڕێگای پەرەدان بە گیانی ناسیۆنالیستی و نەریت و ئاسۆ بۆرژواییەکان لەناو کرێکاراندا، چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری چەواشەو دەستەمۆی سیاسەتەکانی ئەم حزبانە و مەیلە بۆرژواییەکان بکەن. بەتایبەتی حزبە دەسەڵاتدارەکان لەڕێگای ڕێکخراوە سەندیکاکانی سەربەخۆیانەوە دەیانەوێ ئەم سیاسەتە دژی کرێکارییانە بەرەوپێش بەرن.

وەک ئەنجامگیرییەک لەو خاڵانەی سەرەوە:

بەرێکەوتنی خەباتێکی سەرکەوتووانەی ڕۆژانە و فراوانی چینی کرێکار لە دەوری داخوازییە دەمودەستە ئابووری و سیاسییەکانی خۆی، هەروەها پێکهاتنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کرێکاران و یەکگرتووکردنی ڕیزی چینایەتی کرێکاران، گرنگترین مەرج و هەنگاوەکانی پێشڕەوی ئەم بزووتنەوەیەن. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەم پێناوەدا پێداگری لەسەر ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەکات:

١/هەوڵدان بۆ

⟵

ڕێکخستن و بەسەرکەوتن گەیاندنی خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکار و پشتیوانی لە داخوازییەکانی ئەم خەباتە لەپێناوی باشکردنی هەلومەرجی کار و ژیان. یەکگرتووکردنی ئەم خەباتە لەدەوری داخوازییە دەستبەجێ و سەراسەرییەکان.

٢/ هەوڵدان بۆ پێکهاتنی ڕێکخراوە جەماوەری و کرێکارییەکان، لە شورا و یەکێتی و سەندیکاوهەرجۆرە ڕێکخراوەیەکیتردا، هەروەها پشتیوانی لەهەر ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆ کە لەلایەن کرێکاران خۆیانەوە پێکدێت.

٣/ بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کۆبوونەوەی گشتی وهەڵبژاردنی نوێنەران، کارسازترین و لە هەمانکاتدا جێکەوتەترین شێوازی خۆنواندن ویەکگرتووی کرێکاران بووە لەناڕەزایەتییەکانی ئێستادا، کۆمەک بە بەرێخستنی بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی لەجەرگەی خەباتی ڕۆژانە و پێکهاتنی ڕێکخراوەی پشتبەستوو بە کۆبوونەوەی گشتی بەردەوام، وەکو شێوازێکی بەهێزی خەبات و دەخاڵەتی بەردەوامی جەماوەری کرێکاران و ئامرازێکی کارا لە ڕێکخستنی ناڕەزایەتی کرێکاریدا.

٤/ خەبات بۆ یەکگرتووکردنی ڕیزی چینایەتی کرێکاران وبەرجەستەکردنی گیانی هاوچارەنووسی نێوان کرێکارانی ناوخۆ و کرێکارانی هاتوو، هەروەها بەهێزکردنی هاوخەباتی و هاوپشتی لەگەڵ کرێکارانی عێراق وناوچەکەو جیهان، هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی جیهانی و ڕێکخراوە کرێکاری و ئازادیخوازەکان، بۆ کرێکارانی کوردستان.

٤/ یەکگرتوو کردنی خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکار لە دەوری پلاتفۆرمێکی سەراسەری کە گرنگترین خواستە گشتییەکانی ئێستای ئەم چینە بگرێتەبەر وەکو: زیادکردنی کرێ بەپێی گرانی، بەهەمیشەیی کردنی گرێبەستی کار، مافی خانەنشینی، باشکردنی هەلومەرجی کار، دانی موچە لە کاتی خۆیدا و گێرانەوەی موچە کەڵەکە بووە نەدراوەکان، دانی دەرماڵەی ساڵانە لەکاتی خۆیدا، دابینکردنی پێداویستییەکانی سەلامەتی هەلومەرجی کار، قەدەغەی لەسەرکار دەکردنی کرێکاران بەهەر بیانوویەک بێت. کۆتاییهێنان بە سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابووری و باجوخەراج، بیمەی بێکاری بۆ هەموو بێکارانی بانتر لە ١٦ ساڵ.

٥/ بەرگری لە گیان و کاری ڕابەران و هەڵسووڕاوانی کرێکاری و نوێنەرانیان. وەستانەوە دژی هەر پیلان و دەستدرێژییەکی دەزگاکانی حکومەت و خاوەنکار و کۆمپانیاکان بۆسەر هەڵسووڕاوان و قسەکەران و نوێنەرانی کرێکاری، بەرگری لە کارو حورمەتی ئینسانی وکەسایەتییان.

٦/ خەبات بۆ سەپاندنی یاسای کارێکی پێشڕەوانە کە مافەکانی کرێکاران بە ستانداردێکی مودێرن دیاری بکات و باشبژێوی کرێکاران دەستەبەر بکات. بەتایبەت؛ مافی دەربڕینی ناڕەزایەتی و مانگرتن، مافی ڕێکخراوبوون، لانی کەمی کرێ، سەعاتی کاری هەفتانە، نوێنەرایەتی کرێکاران بۆ گفتوگۆ لەگەڵ خاوەنکار و دەوڵەت، بیمەی بێکاری، سەلامەتی شوێنی کار و پشوو و مۆڵەت و...

٧/ بەهێزکردن و مونسەجیم کردن و یەکگرتووکردنی مەیلی سۆسیالیستی دەروونی چینی کرێکار، لە دەوری ئاسۆیەکی ڕۆشن و ئالایەکی سیاسی کۆمۆنیستی، وەکو پێشمەرجی کاریگەری ئەم مەیلەیە لەسەر یەکگرتووکردنی ڕیزەکانی چینی کرێکار و پێشڕەویی خەباتەکەی. هەوڵدان بۆ پێکهێنان و بەرفراوان کردنی ئەڵقە و کۆڕ و کۆمەڵی کۆمۆنیستی و پێکهێنانی کۆمیتە کۆمۆنیستییەکان لەئاستی ناوەندەکانی کار و بەهێزکردنی تەحەزوبی کۆمۆنیستی.

٨/ ڕەخنەگرتن و پەردەهەڵماڵین لەسەر نەریت و مەیلە بۆرژوازییەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بە حزبە دەسەڵاتدارەکان لەناو کرێکاراندا، بردنەسەری هوشیاری سەربەخۆی چینایەتی کرێکاران بۆ سنووربەندی لەگەڵ ئەو مەیل و ئاڕاستانەدا.

٩/ هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پێگەی چینی کرێکار لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری و وگێڕانی ڕۆڵی پێشڕەوانە بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە و دەستەبەرکردنی هەژموونی سیاسیی ئەم چینە و ئاسۆی سۆسیالیستی بەسەر ڕەوتی خەباتی جەماوەری بۆ وەلانانی دەسەڵاتی ئێستا.

کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ پێداگری لەسەر ئەم ئەرکانە، ڕابەریی حزب ڕادەسپێری لەسەر ئەم مەیدانە وەکو مەیدانی سەرەکی هەڵسووڕانی حزب تەرکیز بکات و لەسەر بنەمای ئەم بڕیارنامەیە ئەولەویەتەکانی کاری خۆی دیاری بکات.

**کۆنگرەی پێنجەمی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی**
**کوردستان**
**دیسەمبەری ٢٠٢١**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

# بەدیهاتنی ئامانجەکانمان بەندە بە هاتنەمەیدانی یەکگرتوانە و سەراسەریمانەوە!

جارێکی تر شارەکانی کوردستان بوونەتەوە مەیدانی ناڕەزایەتی جەماوەری لە دژی گرانی و نەدانی موچە و نەبوونی خزمەتگوزاری و سیاسەتی باجگیری دەسەڵاتداران. ناڕەزایەتی کرێکاران و کارمەندان و بایکۆتی خوێندنگاکان لەلایەن مامۆستایانەوە لەدژی نەدانی موچە، تا ناڕەزایەتی فراوانی هاوڵاتیان و نانەواخانەکان و شۆفێرانی تەکسی لەدژی گرانبوونی نان و بەنزین و مەوادی خۆراکی، تا خۆپیشاندانی کاسبکار و دوکانداران، بە دژی باجگیری و ئەو هەلومەرجە سەختەی ژیان و گوزەران کە دەسەڵاتداران دایان سەپاندووە□ هەموو ئەم ناڕەزایەتیانە جارێکی تر ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێتەوە کە ئەم دەسەڵاتە ستەمکارە، لە بەرنامەیدا نییە و نایەوێ وەڵامی سەرەتاییترین ماف و خواستەکانی خەڵک بداتەوە.

ڕیشەی ئەم دۆخە لەوەدایە کە چینی دەسەڵاتدار نوێنەری قازانجی ڕیزێک سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیا و ئەحزابی سەرتاپا نوقمی گەندەڵی و تاڵانین و لە ڕوانگەی قازانجی ئەوانەوە کۆمەڵگا بەڕێوەدەبەن. ئەم دەسەڵاتە داسەپاوە ژیان و گوزەران و سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانی هەواڵەی بازاڕ کردووە و سپاردویەتی بە چاوچنۆکی سەرمایەداران. ئەم دەسەڵاتە کە ٣٠ ساڵە کۆمەڵگەی کوردستانی لە گێژاوی سیاسی و بێدەرەتانیەکی گەورەی ئابوری و نەداریدا ڕاگرتووە، لە بنەڕەتدا بە خۆگرێدانەوە بە سیاسەتی جەنگخوازانەی ئەمریکا و دەخاڵەتی لە عێراق و ناوچەکەدا، بەدەسەڵات گەیشتن و لە دەسەڵاتیشدا ماوەتەوە. ئەمڕۆش بە ناکامی و پاشەکشەی ئەمریکا لە ناوچەکە، دوچاری بێ ئاسۆیی و سەرگەردانی زیاتر بووە. ئەمجارە دەیانەوێ بە دەورەیەکی تر لە سات و سەودا و خۆگرێدانەوە و پاشکۆیەتی بۆ دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ تاقمە مەزهەبیە سوننە و شیعە و ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی عێراق، ئەم سەرگەردانی و بێئاسۆییە تێپەڕێنن و خەڵکی کوردستانیش ڕاپێچی سیناریۆی تاریک و بێدەرەتانی زیاتر بکەن. ئەوان دەیانەوێ ئەم سات و سەودا و پاشکۆیەتیەی لە پێناو ڕاگرتنی فیدراڵیزمە شکستخواردووەکەیاندا پەنایان بۆ بردوە، وەکو ڕێگایەک بۆ چارەسەری کێشە زۆروزەبەند و کەڵەکەبووەکانی خەڵکی کوردستان نیشان بدەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە خودی ئەو لایەنانەی سات و سەودایان لەگەڵ دەکەن، جەماوەری ملیۆنی خەڵکی عیراقیان نوقمی نەداری و گرانی و بێکاری و بێ خزمەتگوزاری کردووە و لە بەرامبەریشدا خرۆشانی جەماوەری سەرجەم شارەکانی عیراقی داگرتووە.

بۆرژوازی کورد و حزبەکانی، بەتایبەت یەکێتی و پارتی، ئەمجارە دەیانەوێ هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە شیعی و سوننی و ناسیۆنالیستەکان بکەنە ڕێگای دەربازبوون لەو قەیرانە خنکێنەرەی بەرۆکی گرتوون. ئەمەیان کردوەتە ڕێگای پاراستنی فیدراڵیزم و شەراکەتیان لە حکومەتی عێراق و مسۆگەرکردنی بەشی خۆیان لە سامانی بەتاڵانبراوی عێراقدا. هەر لەم ڕێگایەوە وەڵام بەو کێشە و بنبەستە بدەنەوە کە حکومەت و دەسەڵاتەکەیان ڕووبەڕووی بۆتەوە. بەڵام ڕۆچوون بەم ئاراستەیەدا هەم دوا بزمار دەدات لە تابوتی سیاسەتی ئابوری سەربەخۆی ئەم حزبانە، هەم خودی قەوارە سیاسیەکەیان بەوجۆرەی کە هەیە دەخاتە سەر ڕێگای هاتونەهات و تەنانەت ئەگەری لە ناوچوون. بێگومان پاشکۆیەتی ئەم حزبانە بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە و هاوپەیمانێتییان لەگەڵ لایەنە عێراقیەکاندا، نەک هەر لەم چارەنوسە ڕزگاریان ناکات، بەڵکو کۆمەڵگەی کوردستان و ژیانوگوزەرانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بەرەو دۆخێکی ناهەموارتر ڕاپێچدەکات. فشارە پەیتا پەیتاکانی بەغدا و خودی بڕیاری دادگای فیدراڵ و بەنایاسایی لەقەڵەمدانی فرۆشی نەوت و غازی هەرێم، سەرەتای زنجیرەیەک فشارە بۆ کلک و گوێ کردنی فیدراڵیزمەکەیان. ئەو دەسەڵاتەی بە پاشکۆیەتی بۆ ئەمریکا هاتە سەرکار و لەسەر کار مایەوە، لەئێستدا بەو بنبەست و بێئاسۆییەوە کە تێدا چەقیوە، ناتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ. تەنانەت ئەم بنبەست و بێئاسۆییە قڵشتی ناوخۆی بۆرژوازی کوردی قوڵ کردوەتەوە و لە پرۆسەی کاندیداتۆریان بۆ سەرۆک کۆمار، بەوپەڕی خۆی گەیشت.

لە لایەکی ترەوە بۆژوازی ناڕازی و ئۆپۆزیسیۆنی کوردی، لە هەوڵی ئەوەدان کەڵک لەم دۆخە و ناڕەزایەتی فراوانی خەڵک وەرگرن و خۆیان سواری شەپۆلی ئەم ناڕەزایەتیە بکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە بۆرژوازیەکانیان. دەیانەوێ هەمان یاری بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ خەڵک دوبارە بکەنەوە. بزووتنەوەی "نەوەی نوێ" نوێنەرایەتی بەشێک لە چینی سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیەکان دەکات کە لە بەشی خۆیان ناڕازین، کێشەی ئەوان لەگەڵ خودی سیستەمی سیاسی و ئابوری سەرمایەدارانەی ئێستا نییە، کێشەیان لەگەڵ دابەشبونی کۆمەڵگە بۆ کەمایەتیەکی ملیاردێر و زۆرایەتیەکی هەژار و برسی نییە. بەڵکو خۆیان ڕایانگەیاندوە کە دەیانەوێ سیستەمی ئێستا بە گۆڕینی دەموچاوەکان و ئەوەی ناویان ناوە "چاکسازی" لە داڕوخان و ناڕەزایەتی خەڵک دەرباز بکەن. "نەوەی نوێ" لەگەڵ لایەنگەلێکی کۆنەپەرستی وەکو "یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵ"دا دەستی داوەتە کاری هاوبەش. ئەمەش لەکاتێکدایە کە یەکگرتو و کۆمەڵ چەندین ساڵ بەشداری دەسەڵات و شەریکی سەرجەم تاڵانگەری و ستەم و تاوانکاریەکانی ئەم دەسەڵاتەن، کەچی ئێستا دەیەوێ لەبەرگی فریادرەسی خەڵکی کوردستاندا خۆی نیشانبدات. ئەم لایەنە بۆرژوازیانە دەیانەوێ بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بکەنە ڕێگایەک بۆ بەدەستهێنانی کورسیەکانی پەرلەمان و بەهێزکردنی پێگەی خۆیان. ئەو بەدیل و سیستەمە سیاسی و ئابوریەی کە ڕەوتگەلێکی وەک بزووتنەوەی نەوەی نوێ و لایەنە

ئیسلامییەکان دەیخەنەڕوو، لەگەڵ سیستەمی ئێستای حزبە دەسەڵاتدارەکان جیاوازییەکی بنەڕەتی نییە. بەدیلی ئەوانیش هەمان حکومەتی سەرمایەداران و هەمان گاڵتەجاری پەرلەمانی و بیروکراسی سەروو خەڵکیە. بەدیلی ئەوانیش ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان دەکاتە قوربانی قازانجپەرستی کۆمپانیاکان و چاوچنۆکی سەرمایەداران. تەنانەت ڕێگاچارەی ئەوانیش بۆ موچە و خزمەتگوزاری و داخوازیە دەستبەجێکانی خەڵک، کۆپیەکی تری هەمان ڕێگاچارەی حزبە دەسەڵاتدارەکانە سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ بەغدا لە ڕێگای هاوپەیمانی لەگەڵ بەشێکی تر لە بۆرژوازی عەرەب. گەڕانەوە بۆ لای حکومەتێک کە خۆی کەوتوەتە بەردەم نەفرەت و تورەیی خەڵکی عێراق.

کرێکاران! زەحمەتکێشان، جەماوەری نارازی کوردستان!

ئەم دەسەڵات و سیستەمە خوێنمژەی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی سەپاندویانە نە بە چاکسازی و نە بە گەڕانەوە بۆ بەغدا لە چاک کردن نایەت. ئامانجی هیچیان؛ نە حزبە دەسەڵاتدارەکان و نە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی، کە هەر کامیان بە ڕێگایەکدا دەیانەوێ خەڵکی کوردستان ڕاپێچی سیناریۆی تەڵخ و تاریک بکەن، چارەسەری برسیتی و بێدەرەتانی و کێشە کەڵەکە بووەکانی خەڵکی کوردستان ناکەن، بەڵکو ئامانجیان فەراهەم کردنی هەلومەرجی لەبارترە بۆ قازانجی کۆمپانیاکان و سەرمایەداران و دەستراگەیشتنیانە بە داهاتی زیاتر لەسەر بناغەی چەوسانەوەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش. گرێدانەوەی نان و گوزەرانی خەڵک بە ڕاپێچکردنیان بۆ ژێر سایەی حکومەتێکی قەومی و مەزهەبی کۆنەپەرست و غەرقی گەندەڵی کە جەماوەری ملیۆنی عێراقی نوقمی بێدەرەتانی کردووە، ڕێگاچارەیەک نییە کە خەڵکی کوردستان ئومێدی ژیان و گوزەرانێکی باشتری پێوە گرێبدەن. ڕێگاچارەی سەر ڕاست و کارسازی ئێمە، وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و بەرپاکردنی دەسەڵاتێکە کە بە ئیرادەی شۆڕشگێرانەی خۆمان، سەرجەم داخوازیەکان و ژیانێکی شایستەی ئەم سەردەمە مسۆگەر بکات. لەم پێناوەشدا ڕێگایەکی ترمان نییە جگە لە هێنانەمەیدانی ڕیزی ڕێکخراو و یەکگرتوی خۆمان. تەنانەت هەر لەم ڕێگایەشەوە دەتوانین بە توندکردنەوەی فشار لەسەر دەسەڵات خواستە دەستبەجێکان بسەپێنین..

گەنجانی کچ و کوڕی بێکار، کارمەندان و موچەخۆران و خانەنشینان، کاسبکاران و هاوڵاتیانی نارازی!

ئەگەر دەمانەوێت چیتر بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاریەکان ژیانی خۆمان و خێزانەکانمان نەخاتە تەنگانەوە، ئەگەر دەمانەوێت چیتر لەچاوەڕوانی موچە و کرێکانماندا دڵەڕاوکێ نەمانخنکێنێ و لە ڕیزی وەرگرتنی موچەدا گیانمان لەدەست نەدەین، ئەگەر دەمانەوێت چیتر گرانی و باجگیری گیرفانی خاڵیمان دانەتەکێنێ، ئەگەر هەمومان نارازی و تورەین لەم دەسەڵاتە و دەمانەوێ وەلای بنێین، ڕێگایەکی ترمان نییە جگە لە ڕێکخستن و یەکگرتوکردنی ڕیزەکەنمان و هێنانە مەیدانی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەهێز کە توانای هەڵگێڕانەوەی ئەم دۆخە کارەساتبارەی هەبێت. کەوایە پێویستە هەموو گەڕەک و ناوەندەکانی کار بکەینە مەیدانی میتینگ و کۆبونەوەی گشتی و هەڵبژاردنی نوێنەران و بەرپاکردنی ڕێکخراوە جەماوەریەکان. ئیتر نۆرەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە لەلایەن ئێمە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە. مانەوەی ئەم دەسەڵاتە ستەمکارە تەنها بەو هۆیەوەیە کە ڕیزی خەبات و نارەزایەتیەکانمان ڕێکخراو و یەکپارچە و سەراسەری نییە، بەو هۆیەوەیە کە بزووتنەوەی جەماوەریمان لە دەوری ئاسۆ و بەدیلێکی پێشڕەو و ئازادیخوازانە چەقی نەبەستوە.

بۆیە پێشڕەوی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری چ بۆ داسەپاندنی داخوازیە دەستبەجێکان و چ بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی، لە هەنگاوی یەکەمدا بەندە بە وەلانانی ئەم ئاستەنگیانەی بزووتنەوەکەمانەوە. بەندە بەوەی؛ ڕیزی نارەزایەتیەکانمان لە پەرتوبلاوی دەرکێشین، خواستە سەراسەری و هاوبەشەکانمان لێک گرێ بدەین، ڕێکخراوەی جەماوەریەکان و دەستەکانی دەستپێشخەری ڕابەران پێکبهێنین. بزووتنەوەی کاری ڕاستەوخۆی جەماوەری بەڕێبخەین و لە هەر گەڕەک و کارگە و ناوەندێکی کار و بەڕێوەبەرایەتیەکدا، کە هاوسەنگی هێز بوار دەدات، بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بەدەستەوە بگرین و چیتر چاوەڕوانی دەسەڵات نەبین. داهاتەکانی کوردستان و بەرهەمی کاری کرێکاران لە کارگەکان و ڕەنج و زەحمەتی کارمەندان لە بەڕێوەبەرایەتیەکاندا، زۆر لە خەرجی دابین کردنی موچە و خزمەتگوزاریەکان زیاترە، ئەگەر بکەوێتە دەستی نوێنەرانی خۆمان، ئەوا ژیانێکی تەسەل و پڕ خزمەتگوزاری بۆ هەموانی پێ دابین دەکرێت.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەکو بەشێک لە بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، تەواوی هەوڵ و توانای خۆی بۆ ڕێکخستن و یەکگرتوکردن و دابینکردنی ڕابەرایەتیەکی کارا بۆ ئەم بزووتنەوەیە بەگەڕ خستووە. هاوکات بانگەوازی هەڵسوراوانی کرێکاری و جەماوەری دەکەین پێکەوە شان بدەینە ژێرباری هەڵتەکانی ئاستەنگی و خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەکەمان. وەرن با بە هەموو هێز و توانامان بزووتنەوەیەکی بەهێزی ئەوتۆ بهێنینە مەیدان کە هەم توانای سەپاندنی داخوازیەکانمانی هەبێت بەسەر دەسەڵاتدا و هەم سەرئەنجامیش بتوانێ ئەم دەسەڵاتە وەلابنێ و دەسەڵاتداریتی جەماوەری ڕێکخراو لە شوراکاندا، بەرپا بکات. دەسەڵاتێک کە سەرجەم ئامانج و خواستەکانمان بەدیبهێنێ و ئازادی و خۆشگوزەرانی دەستەبەر بکات.

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**ئۆکتۆبەر**
**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
muhsin_km@yahoo.com
**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**